# حەسەن ئەیووب زادە (مامۆستا گۆران)

ئەنوەر سوڵتانی

حەسەن ئەیووب زادە (مامۆستا گۆران)، ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣) لە گوندی 'کەڕێزەی ئەییووبی' نزیک شاری بۆکان لەدایک بووە. لە بۆکان چووەتە خوێندنگە. لەگەڵ ئەو لە قوتابخانەی قەڵای سەرداری بۆکان پێکەوە دەمانخوێند. دوو ساڵێکیش لەگەڵ نەمر سوارە ئیلخانی زادە، کە دوای نەخۆشییەکەی گەڕابووە سەر دەرس و مەدرەسە، هاوپۆل بووین.

دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، چووە دەبیرستانی کشتوکاڵی کە ئەسڵی ٤ ی ئەمریکا بۆ ماوەی چەند ساڵ لە بۆکان دایمەزراندبوو، پاشان چووە دانشسەرای کشتوکاڵیی ورمێ، ئینجا بووە مامۆستای قوتابخانە لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان. دوو سێ ساڵ دواتر لە زانستگای تاران، لە بەشی ماف و زانستە سیاسی و ئابوورییەکان وەرگیرا، فەوقی لیسانسی لە بواری مافە تایبەتییەکان وەرگرت و لە شارەکانی کوردستان و ئێران وەکو دادوەر خزمەتی خەڵکی کرد.

لە ژیانی شەخسیدا لایەنگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بوو و وەکو کوردێکی خاوەن بڕوا داکۆکیی لە مافی گەلی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکرد، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا، چووە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و دوای هێرشی کۆنەپەرستانی ئێران بۆ سەر کوردستان، لەگەڵ پێشمەرگەکانی

حیزب شاری بەجێهێشت و ساڵانێکی زۆر لە بەشی دادوەریی حیزب لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا کەسایەتییەکی هەڵسووڕاو و بەرپرس بوو.

دوای هاتنە دەرەوە لە وڵات، کاری حیزبایەتیی وەلا نا و بە نووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانەوە خەریک بوو، ئێستا مامۆستایەکی کەم وێنەیە لە نووسینی کوردیی پەتیدا، جگە لە فارسی، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و ئەڵمانیش دەزانی. ئێستاش بەداخەوە و لە دوورەوڵاتیدا نەخۆشە و هیوای کەسوکار و خزم و دۆست و برادەری، یەک لەوانیش من، چاکبوونەوە و گەڕانەوە ناو گۆڕەپانی خەباتە.

مامۆستا حەسەن سەبارەت بە تیرۆری نەمران دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی بەدەست کۆماری ئیسلامیی ئێران، لێکۆڵینەوەی کردووە و کتیبی "ئیسکۆرت بەرەو تاران"ی پیتر پیلچ پەڕلەمانتاری ئوتریشی (نەمساوی) لە ئەڵمانییەوە وەرگیراوەتە سەر کوردی کە تا ئێستا چەندەها جار چاپ کراوەتەوە.

نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ و چیرۆکنووسە، خاوەنی دەیان کورتە چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، بابەتی سیاسی و شیعر بۆ زاخاوی مێشکە. کتیبی "شازدە بچکۆلانە"ی سینت ئیگزۆپیریی لە زمانی فەرەنسی، "شیعر چییە"ی نزار قەبانی لە عەرەبی، شیعرەکانی "هاینریش هاینە"، فاوست و بەرهەمەکانی گۆتەی لە زمانی ئەڵمانییەوە وەرگیراوەتە سەر زمانی نەتەوایەتیمان و هاوڕێ لەگەڵ من مەنزوومەی ناسراوی 'سڵاو لە حەیدەربابا'

ی شەهریار، شاعیری ئازەربایجانیی لە زمانی تورکییەوە کردۆتە کوردی و زۆر بەرهەمی دیکەش لە کارنامەکەیدا هەن، بەلام بەداخەوە بەشێکیان هێشتا لە نێو خۆی وڵات بڵاونەکراونەتەوە.

ئەوە نموونەیەک لە قەڵەمی بە پیزی مامۆستایە:

*"من و دارە بەن*[1]

*کات دەمەو زەردەپەڕە، دارە بەن لە ئامێزی دۆڵی چۆڵ و کرال دا بە شنەی شەماڵ، پرچی ئاڵۆزی بە شانە دەکا و لیزگە لیزگە دەیهۆنێتەوە. لە شادیی ژوان و شەو ڕامووسانێکی خەیاڵاوی لەگەڵ تریفەی مانگەشەو، تەزوویەکی سارد بە سەرتاپای لەشیدا دێ، شەو زرینگاوتەوە. ئارەقی ئەوین دڵۆپ، دڵۆپ دەچکێتە نێو هەناوی دارە بەن و پەنجەکانی هێدی هێدی بە سروە دەلەرزن و شەو باش لەگەڵ ئەستێرە دەکەن. تریفەی بێ ئارام تارمایی شەوەزەنگ وەلادەنی و ئامێزی فێنکی لە باڵای دارە بەن وەردێنی و لە نێو یەکتردا دەتوێنەوە.*

*کات بەرەبەیانە، گزنگ ئەنگوتووە، دارە بەن سەرمەستی ئەو ژوانەیە، کە قەڵتی تەشوێی کاسبکارێک لەو خەوە یەزدانییە ڕایدەپەڕێنێ. ئەو خەوپەڕینە دەستوەشێنە سەرتاپای دارە بەن بە بێ بەزەیی زامدار دەکا و بۆ هەر زامێ گومیلکەیێکی قورین*

---

[1] کوردستان، ئۆرگانی حدکا، ژمارە ١١٧، وەرگیراو لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان

وەک قاپیلکەی چاوی برسی بە لەشییەوە دەلکێنێ. زامەکان دەبن بە چاو و هەموو ئەسرینیان لێ دەباری. فرمێسک دەڕژێنە نێو گومیلکە قورینەکەوە و دەبن بە ئاوێنە.

لەو ڕۆژەوە کە زامەکانی دارە بەن دەبن بە چاو و چاوەکانیش ڕووندکیان لێ دەبارێ، ئاهی ساردی، لە بەندی هێشووی قەزوانی شلک و بۆنخۆشدا دەمێنێتەوە کە لە هەر دەستپێداهێنانێکدا دەڵێی دایکی ڕۆڵە کوژراوێکە بە ڕانی خۆیدا دەکێشی و پەکووپەکوویەتی!

منیش ئەو کوردەم کە لە بەرەبەیانی خەوێکی یەزدانی دا وەکوو دارە بەن، زامداری بێ تاوانی ئەو وڵاتە کاولکراوەم. هەردوو لەشمان بە ئاوریشمی ئەوین چنراوە و پێ بەستراوی ئەو لێرەوار و چۆڵ و چڕەین.

بەندی دڵی دارەبەن، بە ناخی زەویدا چووە و من بە پانایی و درێژایی ئەو وڵاتەدا، بە تای کەژی و بە تیری مژوڵی نازداران، بە سنگی ئەردەوە هەزار، هەزارمیخەکراوم و کێوی یادگاری باوباپیرانیان لەسەر سنگ داناوم.

ئێمە دوو ئەوینداری لەمێژینەین و دوو پێ لە زنجیرکراوی دێرینە. بەسەرهاتی ئێمە لە بلوێری شوانەوێڵە و لە قاسپەی کەو و چریکەی بولبولدایە.

داخۆ کەس هەیە ئەو بەسەرهاتەی ئێمەی بە گوێ نەگەیشتبێ؟"

****

بەشێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا حەسەن ئەیوب زادە، کە لەسەر سایتی ڕۆژهەڵات-بۆکان (بەشی نووسەران)[٢] دەست دەکەون:

هەڵوێستی دوکتور قاسملوو دەبیری گشتیی حدکا  "ویکیلیکس"

بە بۆنەی سالرۆژی تێرۆری د.قاسملوو

بنکەی ژین، دوکتور کەماڵ فوئاد و تەزویری "بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان"

بەڵگەیەکی تەزویریی  لە پەنای ٩٢ ژمارەی "رۆژنامەی کوردستان"ی سەردەمی کۆمار!

ڕەخنە لە زانستی نەزانستی مامۆستا سجادی

ناساندنی مامۆستا هێمن بە زمانی فارسی

هاوخەباتیی کورد یان سیاسەتی پڕ مەترسی

خەونی سەگە بەڕەڵایەک

جگە لەو بابەتانە، مامۆستا زنجیرە بابەتێکیشی لە پەیوەندی سیاسەت و کەسایەتییەکاندا نووسی کە لەسەر سایتی ڕۆژهەڵات-بۆکان بەرچاو دەکەون.

## وەرگێڕان

پڕکە پیاڵەکە!  شێعری فەرەیدوون موشیری
جادوی بێ ناوونیشان,  شێعری فەرەیدوون موشیری
کوریژگە، ڤیکتۆر هۆگۆ
پەشێو، شاعر ملی کورد در یک نگاه

---

٢ *http:// bokan.de*

بریارم داوه ببمه خەنجەرێک، نووسینی نزار قبانی
سەفەری جادوو  نووسەر: ئێحسان تەبەریی
بە نیوان زیخ و ئەڵماساندا
ئاخر قومی ئەو دەفرە
پەیامیکی بەریوە
مەولەوی بەلخی
جوانیی ڕۆخی دەریا
گەڕەلاوژەی بە هیزی بەهاری
شیعر لە چەشنیتر (ویرای پچەپچی پایز)، نووسینی ئیحسان تەبەری
نوقم لەخوێناوی دڵا هاواریکرد
لە گوڵستاندا
دادپرسی بە شێوەی ئەفریقایی
دەریا ! دەریا، نووسینی ئیحسان تەبەری
شەم و شەمچە
ئەوینی گشتێی
شکاتم و هەڵاتم و کەوتم
کووچە
جادووی بێ شوێن
ڤیکتۆر هۆگۆ
لە نیوان وردەخیز و ئەڵماساندا
هاووڵاتیی بی وڵات
منیش رؤڵەی تاپۆ و بۆمەلیڵ
ئوغربێ
کپ بوون
شەفیعی کەدکەنی
کام تۆز، کامە گورگ؟ + تۆ نی کە ببینی

## شیعر و پەخشان

بالندەی هاوسەفەر

بە باڵی کام خەیاڵ بفرم بۆلاتان

دواهەناسە

زەردە خەنەی قۆڵ بەستراویك

هاووڵاتیی بی وڵات

فانۆسی خووساو

ئەوە مامۆستا حەسەن و وەرگێڕانی دوو پارچە شیعری فارسی و ئاڵمانی:

**1 . مەرگی قوو، شیعری میهدی حەمیدیی شیرازی**

**(بە دەستکارییەکی هندکەوە)**

ئەمن بیستم کە دەمرێ قوویەکی جوان

وەکو جوان هاتە دنیا، جوانیش دەمرێ

شەوی مەرگی لە نێو ماڵی شەپۆلدا

دەمێنێ و بێ هەڤاڵ و یار دەمرێ

دەچێ بۆ گۆشەیەک دوور و تەریک بێ

دەخوێنێ تا بەیانی تا کو دەمرێ

وتەی کوردە کە ئەم باڵدارە جوانە

لە کوێ ئاشق بووبێ لەو جێیە دەمرێ

لە هەر کەس بیستبێتم پەندی ئاوا

ئەگەر باوەر بکەم قووی جوان کە بمرێ

لە سارا نامرێ هیچ قوویەکی جوان

لە دەریادا دەلێن هەر قوویە دەمرێ

ئەتۆ دەریای منی، ئامێزت بێنە

لە ئامێزی تۆدا ئەم قوویە بمرێ

ئەوەش ئەسڵی شیعرە فارسییەکە:

شنیدم که چون قوی زیبا بمیرد
فریبنده زاد و فریبا بمیرد
شب مرگ تنها نشیند به موجی
رود گوشه ای دور و تنها بمیرد
در آن گوشه چندان غزل خواند آنشب
که خود در میان غزلها بمیرد
گروهی بر آنند کاین مرغ زیبا
کجا عاشقی کرد، آنجا بمیرد
شب مرگ، از بیم جان آنجا شتابد
که از مرگ غافل شود تا بمیرد
من این نکته گیرم که باور نکردم
ندیدم که قویی به صحرا بمیرد
چو روزی ز آغوش دریا برآمد

شبی هم در آغوش دریا بمیرد
تو دریای من بودی، آغوش وا کن!
که میخواهد این قوی زیبا، بمیرد

## 2 . وەنەوشە، شیعری ولفگانگ گوتە

وەنەوشەیەك سەر پڕ سەودا

دڵ کەیلی خەم، لە مێرگێك دا

سەرسامگرتوو، دوور دەیڕوانی

چاولەدو بوو بۆ دڵبەرێك دڵ وگیانی

لە دوور دەرکەوت کیژۆڵەیەك

نەرم ونیان، خودای جوانی

سۆزی دڵی وەك پەپولە

هەڵدەفراندن نەرم نەرم، بە گۆرانی

وەنەوشەکەی تاك وتەرە

لە گەڵ خۆیدا کەوتە سرتە:

بریا ببام ئا لەو دەشتە بە گوڵەباخێك

یان گوڵێك بۆ ئەو کیژە، دەمەساتێك

دەستی بردبا هەڵی گرتبام، بملاوێنێ

بە سینگیەوە بمنووسێنێ

کوا وا دەبوو بریا وابا

ئەو ئاواتەم وەدیهاتبا

بەڵام هاوار کیژۆڵەکە غەدری لێکرد

هات و ڕابرد دەستی نەبرد، لێوەی نەکرد

وەنەوشە کە بوو بە پێخوست لە ژێر پێیدا

تەنیا دیریك، نەرم خزی بە گوێی بادا:

« کەسەر نیە کە من بمرم لەو دەشتەدا

ڕۆحم دەرچێ لە ژێر کەوشی نازدارێکدا»

**مامۆستا حەسەن و سایتی ڕۆژهەڵات- بۆکان**

مامۆستا پێش نەخۆشییەکەی، هاوکارێکی دڵسۆزی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان بوو و زوربەی نووسراوەکانی خۆی لەسەر ئەو ماڵپەڕە بڵاو دەکردەوە. ئەوە ڕاگەیاندنێکە وا لە ساڵی دا لەزمان ماڵپەڕەکەوە نووسی و تێیدا بە قەڵەمە پڕ لە هەست و جوانییەکەی هانی خوێنەرانیدا بۆ هاوکاریکردنی ماڵپەڕەکە:

*"دەڵێن ١٦٧٧٧٧٧٧ و بگرە لەوە زیاتریش ڕەنگ هەیە. هەمو ئەو ڕەنگانەش بە تێکەڵکردنی سێ ڕەنگی سەرەکیی ڕەش وسپی و کەسک دروست دەبن و ئەم جیهانە دەنەخشێنن.*

*ئێمەش دەمانەوێ ئەم ماڵەمان بە ڕەنگی شێعر و شەونم و هەوای کوردستان لە تەنیشت کۆشکی ڕازاوەی بەختەوەران چێکەین، تا کۆخی گچکەی ئێمە شکۆی کۆشکی دەسترەنگینان بە هەزاران ڕەنگەوە نیشان بدا.*

هەر کەس بیەوێ بێتە ئەم مەڵبەندە و چیغ و چادری خۆی لێهەڵدا پێویستی بە ویزا نییە. تەنیا ئەوەیان لێی دەوێ جوانی سروشت بپارێزێ و بۆ رازاندنەوەی ژیان بە هەر رەنگێک کە پێی خۆش بێ بەشداریی بکا.

ئەگەر بلوێ رێبوارانێ کە رێیان دەکەوێتە ئەم کۆخە دیارییەک بێنن. با ئەو دیارییەش هەگبەیەک بێ پڕلە بۆن و بەرامەی گوڵی شێعر و وێژەی ئەدەبی کورد. با لە سەفەری خەیالیاندا ئەوەی پێیان رازاویە بەجێی بێڵن؛ ئێمەش ئەو تاوڵەی خۆمانی پێدەرازێنینەوە.

بۆ تەتەڵەی دانەوێڵەی مەزرای ئەدەبی کوردەواریی و پاقژکردنەوە و هەڵپەرتاوتنی لکوپۆپان و رێکوپێککردنی کاری داچاندن، هەوڵی خۆمان دەدین و ئێمەش بە بەرگ و پێتاکی رەنگاورەنگی خۆمانەوە لە نیگارخانەی بیرکاراندا تابلۆی خۆمان هەڵدەواسین. بۆ هەر لایەک بچین بە دەستی بەتاڵەوە ناگەرێینەوە. ئەگەر رێتان کەوتە لامان بە وردبینییەوە لێمان بروانن، هەڵەکانمان بۆ ڕاست کەنەوە. هەر کەس سەرسۆییمان بکا و دڵسۆزانە بمانلاوێنێتەوە و بە خۆشیی و بەشارتی نیعمەتی دۆستایەتی تیشکاژنی دڵی ئێمە بکات، بەشێک لەو ماڵە گجکەیەی ئێمە بۆ خۆی تاپۆ دەکا.

ئێرە پۆستخانەی بەدەستوبردی گەیاندنی پەیامەکانتانە. زانایەک گوتی« لێگەرێ با هەزاران گوڵ بپشکوێن»! ئێمەش ئەوەمان پێخۆشە. بریا رۆژێک ببایە سیاکێوان، شۆرەکاتان، سارای قاقر هەر ناویان لە پەرتوکاندا مابا. فەرمون بۆ گەشتێکی خەیاڵ و سەرسۆیی کۆخەکەمان.

ئەگەر بەو هەمو هەستە ناسکەوە نەتوانین سیلەی چاوی خۆشەویستێتان بۆلامان راکێشین ئێمە سوتاوین، بەڵام سوتاوێکی وەک قەقنەس، کە لە خۆڵەمێشی خۆماندا زیندو دەبینەوە و سەر لە نوێ تێهەڵدەچینەوە.
ح.ئەیوبزادە"

٢٠٠٣/١٠/١٧